کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-8-2007 17:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وتاری بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کورد لە شاری ئەڵمیرە -هۆلاندا بە بۆنەی کارەساتە تیرۆریستییەکەی دەڤەری شەنگال

بەڕێزان ...
ڕۆژی 14 ئاگۆست 2007 ڕۆژێکی ڕەش بۆ کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستانی مەزن بوو. لەم ڕۆژەدا دیسان جارێکی تر نایارانی کورد و دژ بە مرۆڤایەت هەنگاویکی گڵاویی هەڵێنا و خاکی پاکی کوردستانیان بە خوێنی شەهیدان و قوربانییانی ڕۆڵەکانی کورد ڕەنگین کرد.
خوێنی کورد لە سەر هەر بەردێک یان لە سەر هەر بستێک خاکی کوردستاندا بڕژێت ئەبێت بە سیمبوولی ڕێگای ئازادی و بۆ زیاتر هەوڵ و تەقەڵلای لە پاش بەجێ ماوانی ئەم ڕێگایە.
لەم ڕۆژەدا گووندی "تەل عوزێز" و "شێخ خدر" ی قەزای شێخانی باشووری کوردستان، کە سەدان خوشک و برا و ڕۆڵەکانی کوردی ئیزیدی تێدا شەهید و بریندار کران و زیانی ئابووری زۆری لێ بۆیەوە ئەمرۆ لە شاری ئەڵمیرەدا بە یەکەوە بە بەرز و پیرۆز یاد ئەکەیندەوە.
مەبەستییان چیە لەم ڕق و کارەساتە دڕندانەیە دژ بە کورد؟
- دژمنان (ئەو تیرۆریستانە) کە ئارامی و ئاسایەشی کوردستان و یەکگرتوویی ڕێزەکانی گەلی کورد بە هەڕەشەیەک لە سەر خۆیان ئەزانن و چاویان پێ هەڵنایەت کە کورد لە قۆناغێکی پێشکەوتندا بێت. ئینجا هەر هەوڵ و تەقەلایەک ئەدەن تا ئەم بەختەوەرییە لە کورد بستێننەوە. ئەوان لە شێوەی ڤایرۆسن کە بێبەزەییانە هێرش ئەکەنە ناو گەلانی بێتاوانی وەک نەتەوەی کورد و ئەیانەوێت ئەم شێوازە دڕندانەیە بگوازنەوە ناو کوردستان. بەڵام پیلانە نەمرۆڤایەتیەکەیان هەڵوەشاوەیە چۆنکە ئەم هێرشە بۆ سەر ڕۆڵەی کورد تەنیا زەنگێکی خەتەرە کە کوردی زیاتر وشیار کردەوە و برایەتی و یەکگرتووی نێوان ڕێزەکانی کورد بە هێزتر کرد.
- لە لایەکی ترەوە ئەو هەڵخەڵەتاوانە کە لە لایەن هێزەکانی گەورەتری دژە بە کورد هاوکاری ئەکرێن ئەیانەوێت دەستەڵاتی کورد سەرقاڵ بکەن لە کاتێک دا کە کێشەی جێ بەجێ کردنی مادەی 140 ی هەمیشەیی عێراقی فدراڵ لە ئارا دایە وبەم شێوەیە ئەیانەوێت کە سیاسەتمەدارانی کورد ئاگایان لەم خاڵە گرنگانە نەمێنێت، بەڵام ئەمرۆ کورد بێدارە و کورد نەک لە ناو بەشی ڕۆژئاوا بەڵکو هەر لە بەشی کوردستانی باشوورە وە تا باکوور و لە بەشی کوردستانی ڕۆژئاواوە تا ڕۆژهەڵات هەر هەمووی یەکگرتوویە و بە ژیرانە لە مافە ڕەواکانی خۆی بەرگری دەکات.
- مەبەستی دژمنانی کورد ئەوەیە کە بە ئەنجامدانی ئەم چەشنە کردەوانە دەڤەری شەنگالی خۆشەویست بکەن بە کەرکوک و کورد بە تۆقاندەن و ڕاونانی " خاکەکەی" پێ چۆڵ بکەن، بەڵام خەیاڵییان خاوە کورد ماڵی خۆی بە جێ ناهێڵێت بەڵکو کاتی ئەوە هاتووە کە پێی خۆی زیاتر قایم بکات و جەخت لە سەر مافی ژیانی خۆی لە سەر خاکی باب و باپیرانی خۆی بکات.
- کورد دەوڵەمەندە لە فرەمەزەبی و بیر و بڕوا لە یاسای دەستەڵاتی کوردیدا کێشە نیە. ئینجا چ موسڵمان بێت و چ ئیزیدی و چ گاور بێت. دژمنی کورد ناتوانێت بە ڕێگای ئایین و بیر و بڕوا ناکۆکی بخاتە نێوان کورد.
بە ناوی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کورد لە شاری ئەڵمیرە ئەم کردەوە تیرۆریستییانەی دژ بە کورد و مرۆڤاییەت بە توندی ڕەد ئەکەینەوە و تاوانکاران شەرمەزار ئەکەین و هاوخەمی خۆمان و کوردی ئەم شارە ڕادەگەیەنین بە کەس و کاری شەهیدان و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندار بووان و زیانمەندانی ئەم کارەساتە ئەکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

داواش لە گەلەکەمان ئەکەین کە لە بەرامبەر بەم چەشنە کردەوانە بێدەنگ نەبن و هاوکار و هاوخەم بن لە گەڵ خوشک و برای کوردە ئیزیدیەکان چۆنکە یەک ڕیزی لە بەرژەوەندی سەرجەم گەلی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا.

هەروەها داوا لە ئۆرگانیزاسیۆنی ئاسایەشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەیین کە هاوکار بن لە گەڵ دەستەڵاتی کورد بۆ سەقامگیری ئاسایەش لە ناو خاکی کورد و بنەڕەت کردنی تیرۆر و هێڕشی تیرۆریستان بۆ سەر ئەم گەلە بێتاوانە.

مردن و سەرشۆڕی بۆ تاوانکاران و تیرۆریستان

شەکاوە بیت ئاڵای کوردستان

19 ئاگۆستی 2007

بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کورد لە شاری ئەڵمیرە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.